سوێند بە ئەو زاتەی کە نەفسی منی بە دەستە، ئەگەر گوناهـ وتاوان نەکەن؛ ئەوا خوای گەورە ئێوە دەمرێنێت، وپاشان کەسانێک دێن کە گوناهـ وتاوان دەکەن، ودەستبەجێ داوای لێخۆشبوون لە خوای گەورە دەکەن؛ بۆیە لێیان خۆش دەبێت

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «سوێند بە ئەو زاتەی کە نەفسی منی بە دەستە، ئەگەر گوناهـ وتاوان نەکەن؛ ئەوا خوای گەورە ئێوە دەمرێنێت، وپاشان کەسانێک دێن کە گوناهـ وتاوان دەکەن، ودەستبەجێ داوای لێخۆشبوون لە خوای گەورە دەکەن؛ بۆیە لێیان خۆش دەبێت».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سوێند دەخوات بە پەروەردگاری وپاشان دەفەرموێت: ئەگەر ئێوە گوناهـ وتاوان نەکەن ئەوا خوای گەورە ئێوە دەمرێنێت وکەسانێک دێن کە داوای لێخۆشبوون دەکەن (ئیستیغفار دەکەن) پاش هەر تاوان وگوناهێک بە نیەتێکی ڕاستگۆ ودڵێکی بێگومانەوە؛ بۆ ئەوەی خوای گەورە لە تاوانەکانیان خۆش بێت.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5454